دەیان هاوڵاتی لە دانیشتوانی پێژەی شاری زەیتوون لە هەولێر گردبوونەوە و داوای خزمەتگوزاری دەکەن

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شەممە، دەیان هاوڵاتی نیشتەجێی پێژەی نیشتەجێبوونی زەیتوون لە شاری هەولێر دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و ڕێگای چوون و هاتنیان بە پێژەی زەیتوون لەنزیک شەقامی 120 مەتری شاری هەولێر داخستووە.

یەکێک لەو هاوڵاتیانەی نیشتەجێی ئەو پێژەیە لە لەدوانەکی میدیایدا گوتوویەتی: "لە ساڵی 2010ەوە خانوەکم لەو پرۆژەیە کڕیوە، بەڵام لەوکاتەی هاتووەتە شاری زەیتوون ئاو و کارەبامان نییە، خزمەتگوزارییەکان ئەم پێژەیە ئاست نزمە، سەرەڕای وەرزی زستان ماوەی حەوت ڕۆژە کارەبان نییە، پەشتر چەندین جار خۆپیشاندانمان کردووە بەڵام هیچیان بەمان نەکرد و پشتگوێیان خستین، شاری زەیتوون هیچ شتێکی بە ژیانکردنی نییە".

پێژەی نیشتەجێبوونی شاری زەیتوون دەکەوێتە دەرەوەی زێنی شەقامی 120 مەتری شاری هەولێر و لەووی ئیدارییەوە سەر بە شاری هەولێرە، هەروەها بەشێکی زۆری دانیشتوانی شاری زەیتوون عەرەبن، چەندین ساڵە دانیشتوانی ئەم پێژەیە لەدەست بە ئاو و کارەبای دەناڵێنن.